كۆنفرانسی حیزبی سوری نەرویجی و بەشداری ناوەندی چاك.

حیزبی سوری نەرویجی لە ماوەی دوو رۆژی ڕابوردودا كۆنفرانسی خۆی بەست و چەندین حیزبی سیاسی و ڕێكخراوی مەدەنی بانگهێشتكردبوو بۆ ئەم كۆنفرانسە. ناوەندی چاك، یەكێك بوو لەو ڕێكخراوە كوردیانەی كە بە فەرمی بانگهێشتكرابوو. ئەم حیزبە یەكێكە لە حیزبە چەپە دۆستەكانی نەتەوەی كورد بە گشتی، و هەمیشە لە پێشەوەی ئەو حیزبانەیە كە بەرگری لە مافی سیاسی و مرۆیی گەلی كورد دەكات لە هەر چوارپارچەی كوردستاندا.



لەگەڵ بانگهێشتكردنیشدا ڕێگە درا بە ڕێكخراوەكەمان كە دوو وتار لە لایەن هاورێیان( باسیت ئەحمەد و سۆران كارباسیان ) پێشكەش بە ئامادەبووانی كۆنفرانسەكەكرا كە زیاتر لە 200 بەشداربوو دەبوون. هەر لەسەر داوای ئامادەكارانی كۆنفرانسەكە داوا لە ناوەندی چاك كرا كە لە پەیامەكانیاندا پێشنیار بخەنە بەردەم كۆبوونەوەكانی كۆنفرانس ئەم دوو پەیامە بریتیبوون لە باسێكی كورتی مێژووی گەلی كورد و جینۆسایدی گەلەكەمان، بە تایبەتی تیشك خرایە سەر پرۆسەكانی ئەنفالی بەدناو و كیمیابارانی هەڵەبجە و سەردەشت و ناوچەكانی تری كوردستان. لە پەیامی دووهەمیشدا باسی نالەباری ڕەوشی پەنابەرە كوردەكان كرا كە مافی پەنابەرێتیان پێنادرێت لە وڵاتی نەرویجدا و بە زۆرە ملێ دەگەڕێنرێنەوە بۆ كوردستان، جەخت لەسەر ئەوە كرایەوە كە ئەم حیزبە وەك حیزبێكی چەپ پێویستە هەوڵ بدات سیاسەتی دەوڵەتی نەرویج بگۆڕێت بۆ باشكردنی ڕوشی پەنابەران و پێدانی مافی پەنابەرێتیان.

ئەو پێشنیارانەی كە خرانە بەردەم ئەم كۆنفرانسەبریتیبوون لە:

1/ گرتنی کۆنفرانسێک لەسەر جینۆسایدی گەلی کورد بە هاوکاری و بەشداری ناوەندی چاک. نوێنەرانی ناوەندی چاک ئەوەشیان ڕاگەیاند کە ڕێکخراوی ئێمە توانای بەشداری مەعنەوی تەواوی هەیە بۆ بەستنی ئەم جۆرە کۆنفرانسانە

2/ داواکرا کە ئەنجامی کۆنفرانسەکەیان، بە بڕیارێک دەربچێت کە ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە بە جینۆساید بناسێ و دانبنێت بەڕاستی جینۆسایدی گەلی کوردا لە مێژوودا، لەسەر دەستی حوکومەتە دڕندەکانی داگیرکاری کوردستاندا و بە تایبەتی لە مێژووی ڕەشی ڕژێمی بەعسیە فاشیەکاندا.

3/ داواشکرا کەئەم حیزبە هەمیشە چاودێربێت لەسەر ڕەوشی کورد بەگشتی و پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤی کورد ڕەقبکاتەوە و ئیدانەیان بکات.

شایانی ووتنەکە سەرۆکی حیزبی سور پەیمانی دا کە دوای هەفتەیەک تا دوو هەفتە وەڵامی داواکاری و پێشنیارەکانی ناوەندی چاک بداتەوە. دیسان بانگهێشتی ناوەندی چاک کرایەوە بۆ 1.7.2010 بۆ بەشداری لە کۆنبوونەوەیەکی گشتی حیزبی ناوبراودا، تا زیاتر تیشک بخرێتەسەر مافەمرۆیی و سیاسیەکانی کورد و جینۆسایدی گەلی کورد، بە دۆکۆمێنت و فیلم پیشانبدرێت لە ماوەی چەند دەمژمێرێکدا.

ناوەندی هەڵەبجە، دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد ـ چاک

chak.org@gmail.com www.chak.info